# چۆن چارەسەری ژەنگی کەرستەکانی چێشت دەکەیت؟



کاتێك کەرستەکانی ئامادەکردنی خواردن تووشی (ژەنگ) دەبێت، کە زۆربەی کەرستەکانی برین و چاککردنی خواردن وەك (چەقۆ، کەوچك، چەنگاڵ) لە ئاسنە یان نیکل، بە هۆی ئەوەی بەر ئاو دەکەوێت یاخود بەهۆی مانەوەی لە شوێنی گەرم بۆیە ژەنگی لەسەر دروست دەبێت، یان لە هەندێك حاڵەت تەنیا شوێنێکی کەم یان بچووکی کەرستەکە تووشی ژەنگ دەبێت..
بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، هەنگاوێکی بچووك ئەنجامبدە و کەرستەکانت لە ژەنگ پاکبکەرەوە، یاخود مەهێڵە تووشی ژەنگ بێت تەنیا بە بەکارهێنانی (پیاز) چونکە پیاز جۆرە ئاوێکی وشکی تێدایە کە دژی ژەنگ دەوەستێت و لەناوی دەبات ئەمەش بەم ڕێگەیە: - بۆ چارەسەرکردنی ژەنگی چەقۆ و چەنگاڵ، (پیاز)ێك بهێنە، چەقۆ و چەنگاڵەکە بخەرە ناو پیازەکە و دەریانبهێنە، ئەمەش بۆ ئەو کەرستانەی کە تووشی ژەنگ هاتووە..



- هەروەها سەبارەت بە کەوچك و مەنجەڵ، پیازێك بهێنە کە پاك نەکرابێت، پیازەکە بکە دوو پارچە، ژوورەوەی پیازەکە بە کەوچك و مەنجەڵەکەدا بهێنە یان بەو شوێنەدا بهێنە کە ژەنگێکی بچووکی لێ دروست بووە..
دوای بەکارهێنانی پیازەکە بۆ هەر کەرستەیەك بۆ ماوەیەك بوەستە، تاوەکو ماددەی ناو پیازەکە، ژەنگەکە لابدات کە دژی ژەنگ بوونە.

# سرکەی سێو بۆ جوانکردنی قژت!



یەکێك لەو میوانەی کە دەبێتە هۆکار و کەرستەیەکی جوانکاری بۆ جوانی خانمان بە تایبەت بۆ قژ. هەنگاوێکی جوانکاری سرووشتییە و بە شێوەیەکی سادە دروست دەکرێت، ئەمەش سرکەی سێوە کە بۆ قژ بەکاردەهێنرێت و دەبێتە هۆی (بەبریقە کردنی قژ و لەگەڵ ئەوەشدا قژ لە پیس بوون دەپارێزێت.
ئەم گیراوەیە لە سرکەی سێو، لەگەڵ ئاو بەم شێوەیە دەگیرێتەوە و بەکاردەهێنرێت:
- (٢) پەرداخ ئاو و لەگەڵ (١) پەرداخ سرکەی سێو تێکەڵ بکە
- سەرەتا قژت بشۆ هەروەك چۆن دەیشۆیت دواتر بەم سرکەی سێوە دووبارە قژت بشۆ..



- ئینجا بۆ ماوەی (٢٠) دەقیقە بوەستە تاوەکو قژت تەواو سرکەی سێوەکە دەگرێت، کاتێك هەستت کرد قژت وشك بۆتەوە قژت شانە بکە بەم شێوەیە:
هەندێك لە سرکەی سێوەکە بهێنە و بیخەرە ناو لەپی دەستت، پاشان دەستت بە قژتدا بهێنە تاوەکو سەرەوەی هەر موویەکی قژت بە سرکەی سێوەکەوە دەبێت، ئەنجامی ئەم هەنگاوانە، دەستکەوتنی قژێکی بەبریقەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سرکەیە ناهێڵێت پیسی بگاتە قژت ئەمەش هەنگاوێکی سادە و سرووشتییە بۆ ئامادەکردنی کەرستەیەکی جوانکاری قژ لە میوەی سێو..



# سەرین هۆکارێکە بۆ پاراستنی پێستی دەم و چاو





پێستی دەم وچاو ناسکترین پێستە لە جەستەی خانماندا، جگە لەوەی سەرچاوەی جوانی لەم پێستەیە، بۆیە تاچەند ئاگاداری ئەم سەرچاوەیە بکەیت چاکترە. پێستی دەم و چاو زیاتر بەم کاریگەریانە جوانییەکەی لەدەست دەدات، وەك بەرکەوتنی بە تیشکی خۆر، بەکارهێنانی کەرستەی جوانکاری بە هەڵە، لەگەڵ هۆکارێکی دیکەی کاریگەر، ئەویش بەم دواییە دۆزراوەتەوە بریتییە لە : بەکارهێنانی سەرینی بڵند یان ڕەق یان سەرینە بەنەخش چێنراوەکان لە کاتی نووستندا.. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کاتێك لە خەو هەڵدەستیت، شوێنی نەخش و ڕەقی سەرینەکە لە پێستی دەم و چاو دەردەچێت، بۆ ماوەیەك دەمێنێت بەڵام دواتر لادەچێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەڕوات و نامێنێت، بەڵام لە ژوورەوە دەبێتە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵە خانەیەك، دواتر دەبێتە هۆی (لۆچ) بوونی پێست، بەم هۆیەوە پاشان ئەم خانانە زیندوو نابێتەوە و لە ژوورەوە خانەکانی دیکەی پێست رادەکێشێت بەرەو ژوورەوە بۆیە لۆچی دەم و چاو پەیدا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم شوێنەی بەر نەخشی سەرین (بالیف) دەکەوێت شوێنەواری نەخشەکە لە ژوورەوە دروست دەبێت و لە ماوەی داهاتوودا بە شێوەیەکی ناڕێك دروست دەبێتەوە لە هەمان ئەو شوێنە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە هەوڵی ئەم هەنگاوانە بدەن:

- سەرینەکە لە قوماشی بێ نەخش دروست بکەن
- بڵند ورەق نەبێت، یان چاکترە لە پەموو دروست کرابێت
- پارچە قوماشێکی نەرم بخەرە سەر سەرینەکە پێش ئەوەی بخەویت.

# کراسی درێژی شێوە ماسی بۆ هاوین







بۆ تازەترین مۆدەی کراسی بۆنە و ئاهەنگە تایبەتییەکان، ئەم جۆرە کراسە درێژە ئێستا وەك مۆدەیەکی جیهانی سەرنجراکێش دەپۆشرێت. کە شێوەیەکی جوان نیشان دەدات، هەروەها جوانی مێینەی خانمان دەردەخات لە شێوەی گونجانی لەگەڵ جەستەدا، چونکە جۆری مۆدەی ئەم کراسە بەم شێوەیە: لە قوماشێکی نەرم دروست دەکرێت، شێوەی لە جەستەی ماسی وەرگیراوە، لەگەڵ ئەوەی تاکە ڕەنگێك لەخۆ دەگرێت یاخود تێکەڵی تەنیا دوو ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرامبەردا شێوەیەکی تەواو دروست بکات، هەروەها ئێکسسواری تەڵێکی قوماشی لە هەمان ئەو قوماشەی کە لێوەی دروست دەکرێت، لە پێشەوەی کراسەکە دەبێت، ئەم جۆرە کراسە دەبێتە هۆی دەرخستنی جەستەی خانمان بەشێوەیەکی جوان..

دووشێوەی سەرەکی هەیە کە ئەمانەن: شێوەیەکی بێ قۆڵە و ئەمەش بۆ ئەوانەی حەز بەم جۆرە دەکەن کە دەست و باسکی خانم بەتەواوی دەردەخات. هەروەها شێوەی دووەمی قۆڵی هەیە و شێوەیەکی جوان دەردەخات چونکە شێوەی قۆڵەکە لە هەمان قوماشی کراسەکە دروست دەکرێت، بەڵام بە نەخشەوە..